# من ئامادەم بە خوێن دەنگ بدەم، بۆ میللەتەکەم نەك بە حیزبەکان!

لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بە پێویستمان زانی راوسەرنجی ژمارەیەك بریکار فۆرمەکانو هاوڵاتیان لەمەڕ بایەخی ئەو پرۆسێسەو بەشداربونیان لە دەنگدان وەك روداوێکی گرنگ لە ژیانی گەلەکەمان بەسەربکەینەوە، کەژمارەیەك هاوڵاتی چینو توێژەجیاجیاکان لە شاری سلێمانیو دەوروبەری بەم جۆرە هاتنە ئاخاوتن:

ئامادەکردنی: ناتق حاجی ئەحمەد

بریکار (محەمەد نوری عزیز)کە ژمارەی وەکالەتەکەی (٨٢١)ە لەبنکەی (٦)وتی:-
دەربارەی فۆرمەکان باش بوو هاوڵاتیان لەکاتی خۆیدا هاتن هەتا پێش ئەوەی فۆرمەکانمان بۆبێت هاوڵاتیان زۆر بە پەرۆشەوە ئەهاتن بۆ وەرگرتنەوەی فۆرمەکان چونکە فۆرمەکانی بنکەی (٦)دواکەوت لێرە کۆمسیۆنی باڵا خۆیان فۆرمێکیان دروست کرد دامان بە هاوڵاتیان. دیسان لە بەغداوە فۆرم هاتەوە ئەویشمان دابەش کرد واتە هاوڵاتیان لەبنکەی ئێمە ئێستا دوو فۆرمیان لاهەیە. یەکێك هەڵە یەکێك تەواو ئەوەی من بیزانم هاوڵاتیان هەڵوێستیان زۆر باشە بۆ دەنگ دان بۆکورد لە پەرلەملنی عێراقدا بەلاّم ئامادەنین دەنگ بدەن بۆ ئەم و ئەو؟
بریکار (یاسین مەحمود عەلی) ژمارەی وەکالەت (٨٨٠)وتی:-
زۆر پێخۆشحاڵم بەهاتنتان ئەم هەڵبژاردنە بە شەرعی ئەزانین بەڕاستی هەڵوێستی هاوڵاتیان خراپ نەبوو. پێشەکی تێنە ئەگەیشتن. هەتا من خۆم تێم ئەگەیاندن کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەم حزب یا ئەو حزب نییە ئەمە بۆ کوردستانە. ئەو کات زۆر بەقەناعەتەوە وەریان ئەگرتەوە هەتا من خۆم چەند فۆرمێکم بۆ بردنەوە بۆ ماڵەکانیان و تێم ئەگەیاندن کە دەنگ بدەن بۆ کورد لە پەرلەمانی عێراق دا هەتا ئێستا (٣٥٠)فۆرمم لابووەو هیچ فۆرمم لانەماوە.
بریکار (تەیب محەمەد عەزیز) لە بنکەی (٩)وتی:-
هەڵوێستیان زۆر باش بوو لە پێشەوە فۆرمێکمان بۆ هات بەلاّم (رەفز)بوو چەشنێکی ترمان بۆ هات و دابەشمان کرد بەلاّم لە کۆی (١٢٣) فۆرم (٢٥) فۆرمم لا ماوە کە وەریناگرنەوە من بزانم خەڵك دەنگ ئەدەن بەکورد و نەتەوە.
بریکار(ناصر حەمە عوسمان)لەبنکەی (٤)وتی:-
هەڵوێستی هاوڵاتیان یەکەم جار باش نەبوو خەڵك ئامادە نەبوو ن بۆ یەکیەتی و پارتی بچن بۆ دەنگ دان، دوای رێککەوتنی ئەوان و کورسی دابەش کردن ئەتوانم بڵێم خەڵك سەدا نۆهەدی دەنگ ئەدات بۆ مەسەلەی کورد.
بە پرسیارێك چەند هاوڵاتیەکم دواند،
کاك(حەمە عوسمان)تەمەن (٤٥)ساڵ پیشە کاسب وتی:-
من وەك هاوڵاتییەك بەدڵێکی زۆر فراوانەوە بچم و زۆر کەسم هانداوە هەتا بەشداری بکەن چونکە بە واجبێکی پیرۆزو زۆر گرنگی ئەزانم ئێمە چەند ساڵە خەبات ئەکەین بۆ بەدیهێنانی ئەم رۆژە
ئایا وەك نەتەوەی کورد تاچەند دەنگ بە کورد بوونی خۆت ئەدەی لە پەرلەمانی عێراق دا ؟
ئامینە محەمەد/ ژنی ماڵەوەو تەمەن ٥٠ ساڵ وتی: زۆر خۆم بە خۆشحاڵ ئەزانم کە بچم دەنگ بدەم بە کوردو کوردستان نەك حیزب.
سۆران محەمەدئەمین/ نانەوا تەمەن ٣٥ ساڵ وتی: بۆ دەنگدان وەکو کوردێکی کوردپەروەر بە هەر چ شێوەیەك بێت من و خێزانەکەم خۆمان ئەگەیەنیینە نوسینگەکانی دەنگدان چونکە ئەم دەنگە بۆ کوردە، ئەم دەنگە دەنگی میللەتی کوردە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن چەند کورد هەیە لە کوردستانی عیراقدا، ئەم دەنگە بۆ یەك دەنگی کوردە، من ئەم دەنگدانەم زۆر پێخۆشە وا ئەزانم هەقێکی خۆم وەرگرتووە، من بۆ دەنگدانی کوردستان ئەچم نەك حیزبەکان.
هاوڵاتی بەساڵاچووەسمان مولود مەحمود دەڵێ: من هەتا بتوانم دەنگ ئەدەم بە پەرلەمانی میللەتی کورد لە عیراقدا.
جەلال ئەبوبەکر فەتاح/ شوفێر خەڵکی ماوەت بە حەماسەوە دەنگی هەڵبڕی: من ئەگەر باوکم یاخود کەسێکم نەخۆش بێت بە کۆڵ ئەیبەم بۆ سەر سندوقەکانی دەنگ دان چونکە داوای هەقی خۆمان ئەکەین بۆ ئەوەی مافمان نەفەوتێ داوا لە هەموو کوردێکی بە شەرەف ئەکەم بچێت دەنگ بدات بۆ، بوژانەوەی ماڵی خۆی.
عەلی ئەحمەد ئەمین/ تەمەن ٥٠ ساڵ وتی: هەتا ئیمکانم بێت دەنگ بە کورد ئەدەم.
کاسبکار عەلی ئەحمەد حەسەن وتی: من خۆم و هەموو کەس و کارم ئامادەین دەنگ بدەین بۆ کورد هەموویانم ئاگادار کردووە دەنگ بدەین بۆ کوردو کوردستان.
مامۆستا محەمەد عەلی دەرویش وتی: ئامادەین وەکو لیستی کورد دەنگ بدەین، زۆرم پێخۆشە دوا رۆژی نەتەوەکەم رۆشنبێت و سوود لە کیانی خۆمان وەربگرین.
هێمن عەلی/ کرێکارو تەمەن ٢٥ ساڵ و ووتی: هەرچیم بۆ بکرێ بۆ گەلی کوردی ئەکەم، چونکە زۆر دەمێکە ئێمە چەوساوەو داماوین.
مامۆستا رێزان عەزیز بەم شێوەیە هەستی خۆی دەربڕی: من ئامادەم بە خوێن دەنگ بدەم، بۆ میللەتەکەم نەك بە حیزبەکان!
فەرمانبەرشنۆ ئەحمەد صالح: هەرچی بۆ خۆشگوزەرانی خاك و میللەتەکەم پێویست بێت ئامادەم بە گیانی خۆشم بێت نەك دەنگدان منو هاوسەرەکەم دەنگ بۆ کوردو کوردستان ئەدەین.

# نامەیەکی بۆ (. . . . .)

عومەر حاجی

هۆ کاکێ، برایان، هەڤاڵان، هاوڕێیان، ژنان، خوشکان، ئافرەتان، ئازادیخوازان چیتان بۆ بنووسم، بۆ کێ بنووسم، کێ گوێمان لێ دەگرێ، کێ بەکلاوی ئێمە پێوانەی حیسابانەکان دەکەن، بەڵی لە کار بەدەستان فریای خوێندنەوە دەکەوێ تا وەڵامی گازاندەو گلەیی‌و داخوازییەکانی خەڵك بدەنەوە، کێ وەڵام دەداتەوە.
ئەوان دەڵێن با هەر بنووسن‌و بای لە سکی خۆیان بەتاڵ کەن خەڵکی لە عەولەمە (جیهانگیری) نەگەیشتوون، هەر ئاسنی سارده پف دەکەن، دەیانەوێ بەناوی روناکبیری‌و فەلسەفەودایەلۆگ‌ومایەلۆگ‌و دادی کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی ئاشمان لێ بکەنە تەڕاش، ئێمە تازە چۆن ئەو نیعەمتی دەسەڵات‌و کورسی کە سیانزە ساڵە قۆرخمان کردووە، بە قسەی پڕوپوچی رۆشنبیران‌و شۆڕشگێڕانی سەردەمی شاخ دەست بەرداری دەبین، هەر لە گوپی خۆتان بدەن، خەڵکینە چاك بزانن هەر جارەی بە بیانۆیەك‌و لەژێر پەردەی دیموکراسی‌و ئاسایش‌و بەرژەوەندی نەتەوەیی رێکەوتن ئەنجام دەدەین بواری کەس نادەین جێگەمان بگرتەوە، هەر کاتێك بمانەوێ خەڵکی کوردستان فریو بدەین ئەوا چەند بەڵێنێکی خەون ئامێزو مۆژدەی کردنەوەی دیوەخانو چەندان تەکیەو. . . .، پێ دەدەین. . . بە پارەو پول دەلەخشین بەسەر سەرۆك خێڵ‌و کۆنە مستەشارو. . . بەم شێوە خەڵك هێور دەکەین، هەرچەندە دەروونناس نین بەلاّك زۆر زیرەکانە لەم ماوەی دەسەڵاتداریەتیمان شارەزای سایکۆلۆجیەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووین ودەزانین وەك ئاگری (کا) وان زوو هەڵدەچن‌و زووش دادەمرکێنەوەو رابردوو لەبیر دەکەن،کە ئەنەما نەبای هاتووە نە باران. هاوڕێیان، هەڤاڵان چیتان بۆ بنووسم لە وڵاتی کاکی بە کاکی‌و شەوەزەنگی تاریکی ساردی زستان‌و قەیرانی سووتەمەنی. . . بەڵی لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەکەتان (رزگاری) کۆنە هاوڕێی بیرو بازووم کاك (ئاسۆ کەریم) دۆستی ئێستام زاراوەیەکی نوێی داهێناوە بۆ رێکەوتنی یەکی سێبتەمبەری نێوان (ی.ن.ك)و (پ.د.ك) ئەویش (دیموکراسی تەوافقیە) برا گیان د.جەمال نەبەزیش دەڵێ دیموکراسی دیکتاتۆری. گەلۆ بۆ دیموکراسی گەلێ زاراوەی داڕێژراوە وەك لە هزری شیوعی دەڵێن دیموکراسی میللی، دیموکراسی ناوەندی، دیموکراس شۆڕشگێڕی لەسەر مایەداریش دەڵێن دیموکراسی لیبراڵی‌و بیروقراتی. های کە برالە قوڕ بەسەر (دیموکراسیەت) کە ئەم هەموو زاراوەی بۆ داتاشراوە. ساڵ وەچەرخێ دەبێ ئەمجارە لە باشووری کوردستان چ نازناوێك بۆ دیموکراسی بدۆزنەوە، ئەترسم ئەمجارە ناوی بنێن دیموکراسی خێڵەکی. هاوڕێیان‌و هەڤاڵان چیتان بۆ بنووسم لەگەمەی هەڵبژاردنی ئەمجارە دەنگ بدەم بەکێ بە لیستێك پڕ بێت لە دەرەبەگ‌و منداڵە شێخ‌و سەرۆك خێڵ‌و کۆنە مستەشارو بەعسی. ئەی مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان چۆن قبوڵیان کردووە ناویان ریزبەند بکرێت. سەرم سوڕماوە لە تاکتیکی سیاسی سەردەمی جیهانگیری ئەم حزبانەی خۆمان دەبێ ئەمەیان تاکتیك بێت یان ستراتیج‌و ئایدیۆلۆژیا. دەنگ بدەم بەم بەرپرسەی کە ماڵەکەی بەرامبەر ماڵەکەی منەو (٢٤) سەعات ماڵی روناك‌و کارەبای فولە دەسەڵاتێکیشم نییە، ئەمەیە مەدەنیەت‌و مافی هاوڵاتیبوون ئەی هەڤاڵ هەرچەند دەکەم ئەم هاوکێشەیەم بۆ هاوسەنگ نابێت، کە دەبینم کورد لە بەغدا ئەم هەموو وەزیرو جێگیرو سەرۆگ پەرلەمانیان هەیە، داوا لە خەڵك دەکەن کە هەوڵ‌و تێکۆشان بکەن بۆ ئەوەی یاسای ژمارە (٥٨) لەشاری بابەگوڕگوڕی گڕو بلێسە جێ بەجێبکرێت، دەبێ کێ لەوان باڵا دەستتر بێت. عەلاوی یاخود غازی یاوەری زاوا یان سەلاّح موختاری رووڕەش‌و درۆزنی زەمانەی سەرکردەی بەعسی نوێی تۆپیو، کە بە فەخرەوە لە رۆژنامەی هاوڵاتی باس لە بەهێزی خۆیان لەڕووی رێکخستن‌و سەربازی دەکات، ئیدی چ ئومێدێك گەش بینم بکات، کە رۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین کە عەرەبە جاهیل‌و شۆڤینیستەکان لە موسڵ‌و کەرکوك‌و حەویجەو شرگات کوردی هەژارو بێ دەرامەت بەشیری جاهلیەت گۆشاو گۆش سەر دەبڕن. لەو باوەڕەدام نە دیموکراسی تەوافیقی نە دەنگدانی کوردان بۆ پەڕلەمانی عێراق نابنە هۆی چارەسەری کێشەی کوردو گەیشتنی بە ئامانجەکانی کە خۆی لە ئازادی‌و سەربەخۆیی کوردستان دەبینێتەوە، بەڵێ هاوڕێیان ئەمەریکا لەپێناو بەرژەوەندی خۆی دەیەوێ ئەمجارەش سازشمان پێ بکات‌و کڵاوێکی ترمان لەسەر بنێ، کە داوا لە سەرکردەکانی کورد دەکات، رازی بن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەشاری کەرکوك بێ ئەوەی هیچ چارەسەرێکیان بۆ کێشەکان‌و کوردە ئاوارەکان دانابێ. کورد هەرچەندە دەنگ بهێنێ هەر کەمینە (ئەقەلیە) دەبێت لە پەرلەمانی عێراق کەواتە هیچ کاتێك ناتوانێ ببێتە خاوەن بڕیارو دەسەڵات، تەنیا ئەوەیە کە بەدەنگی خۆمان شەرعیەت دەدەینەوە بە عێراقی عروبە، لە کۆتایدا دەڵێم زۆرم لە هەگبەیەو بیبوەژن ئاسا ماڵم تاریکەو هەر ئەوەندەم لەبیرە.

رزگاری

ئۆرگانێکی کراوەی
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانە
یەکەمین ژمارەی لە ١٩٩٣/٥/٣٠ دەرچووە

خاوەنی ئیمتیاز:
رۆستەم محەمەدئەمین عەبدوڵلا

سەرنوسەر:
سەلاّح ئیسماعیل مەزن
Mobile: 4652371
salah_m20002000@yahoo.com

سکرتێری نووسین:
بەهرەوەر مەرزانی

هونەرکاری‌و نەخشەسازی:
سۆران عوسمان
Mobile: 4684355

هەولێر، شەقامی کۆیە، بەرامبەر نەخۆشخانەی رەسوڵی
تایبەت: Tel: 2272895
سلێمانی، گەڕەکی ئاشتی، مۆبایل Tel: 07701585241
www.pksk93.org
pksk93@hotmail.com

# درێژەی بنەما سەرەکیەکانی تاوان. . . . . .

پێویستە چارەسەرێکی گونجاویان بۆ بدۆزینەوە بۆ زامن کردنی پێدویستی‌و داخوازیەکانیان پێویستە لە رازو نیازیان تێ بگەین لە مەبەست و ئارەزووەکانیان شارەزابین و هەوڵ‌و تەقەلایان لەگەڵ دا بدەین بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا مرۆڤێکی پاك و خاوەن خورەوشتێکی بەرزیان لێ دەربچێ، پێویستە بە چاوێکی پڕ لە رێزو شانازیەوە سەیر بکرێن نابێ قسەو ناو ناتۆرەی ناشیرینیان پێوە بلکێنن، بە تایبەتی هەوڵی بە هێزکردنی کەسایەتیان بدرێت، نابێ کەم و کوریەکانیان لە لای خەڵك باس بکرێت و ببێتە هۆی لاواز بوونی کەسایەتیەکەیان. بەتایبەتی لەلای دراوسێ‌و هاورێکان و میوانەکان. چونکە منداڵ ئەو مرۆڤە پاك و دڵ ساف و بێگەردەیە دەکەوێتە بەر کاری کۆمەڵە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی‌و سروشتی ئەبێ هەوڵی لەگەڵدا بدرێ بۆ ئەوەی فێری شتی بە سوود بێ چونکە بیری منداڵ زۆر تیژە لە جیهانێکی خەیاڵاویدا دەژی هیچ شت لە خۆیەوە فێر نابێ، بەڵکو جیاوازی نێوان خراپەو چاکە نازانێ ئەبێ بەر پرسەکەی ئەو کارە بگرێتە ئەستۆی خۆی، نابێ لەکاتی ئەنجامدانی هەڵەیەك ئازار بدرێ یان گاڵتەی پێ بکرێ، بەڵکو دەبێ هەوڵ بدرێ هەڵەکانی بۆ راست بکرێتەوە و فێری کردەوەو کاری بە سوود بکرێ.
لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاوانی جۆراوجۆر رۆژانە روودەدات مەترسیدارترین تاوان لە کۆمەڵگای کوردەواری دا (تاوانی کوشتن)ە کەبە دەردێکی کۆمەڵایەتی ترسناك دەژمێردرێت، ئەم تاوانەش وە نەبێ تازە بێت بەڵکو هەر لە کۆنەوە هەبووەو ئەنجامدەرانی بۆ مەرامێکی تایبەتی و بەرژەوەندی شەخسی و یان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە بەرامبەر کارێکی ناشایستە کە داب و نەریتی ئەوساو ئێستای کۆمەڵ پێ ی رازی نەبووە یاخود هەندێ جار دوژمنان بۆ مەبەستی تایبەتی ئەنجامیان داوە، ئەم رێگەیەش بە زۆری پیاوە ستەمکارو درندەکانی ناو رژێمەکەی بەعس گرتوویان بەر بۆ هێنانە دی مەبەستە گلاوەکانیان بەیارمەتی هەندێ ل نۆکەرو ئەڵقە لەگوێیەکانیان.
تاوانی کوشتن گەلێ کێشەو گرفتی ئاڵۆزو سەخت تر کردوە کە تاپێستاش گەلێ لە تیرۆرستان هەمیشە هەولی تیرۆرکردنی کەسانی بێ تاوان دەدەن کە دەبنە رێگر لەبەردەم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، بەلاّم تیرۆرستان هەوڵی شێواندنی باری نائارامی دەدەن.
تیرۆرستان هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆن زەبری کوشندەی خویان لە هاوڵاتیان بوەشێنن، بە مەبەستی ترسان و تۆقاندنیان لە کارە تیرۆرستەکانیان ئەگەر سەیری ئەو ئامێرە پێشکەتووانە بدەین کە تیرۆرستان لە جیهانی تەکنەلۆژیای پێشکوتوو بەدەستیان کەوتووە بەکاری دەهێنن بۆ مەبەست و ئارەزوەکانی خۆیان ئەمەش ئاسان کارییە کە لە جێبەجێ کردنی پیلانەکانیان.
ئەوەی جێگای سەرنجە پێویستە رۆڵی ئەو فیلمە بیانیانە بەهەند وەرگیرێت لەسەر کەوتنی نەخشەو پلانەکانی هەندێ تاوانباران کەبە هۆی شارەزا بوون لە رێگا هونەریەکانی ئەوانەوە کە بەهۆی ئەم فیلمانە پیادە دەکرێت بەتایبەتی لە کوشتن و دزینی سەرو ماڵی هاوولاتیان و سەرکەوتن بەسەر ئەو بەربەستانەی کە دێنە بەردەمیان بەهۆی بەکارهێنانی جۆرەها ئامێرو ئامرازی پێشکەوتوو، ئەمانەش وەك زانیارییەك لە بیری مرۆڤی تاوان بار چەکەرە دەکا دزو چەردەو باندە تیرۆریست و پیاوکوژەکانیش زۆر جار پشێوی و ئاڵۆزی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری دەقۆزنەوە بۆ جێبەجێ کردنی حەرامەکانیان لە کاری تیرۆرو رفاندنی هاوڵاتیان و بێ سەرو شوێن کردنیان... .
هەروەها تاوانی (دزی)یش تاوانێکی کۆنە لەناو زۆربەی کۆمەڵگاکان و لەوانە کوردیش هەبووە، بەلاّم لە کۆمەڵگای کوردەواری بە قێزەوە سەیری ئەم رەفتارەیان کردووە، بە عەیبێکی گەورە دانراوەو نەفرەتیان لێکردووە، ئەمەش زیاتر پەیوەندی هەبووە بە گۆرانی بارودۆخی ئابووری وڵات و نزم بوونەوەی بژێوی رۆژانەی خەڵك و خراپی دابەش کردنی کار هەروەها نەبوونی ئیش و کار دەبێتە هۆی بلاوبوونەوەی بێکاری لە ناو کۆمەڵگادائەم هۆکارە تا رادەیەك دەتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە بە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری لە وڵاتدا بە گەرخستنەوەی کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان و فرەوان کردنی کارو چالاکیەکانی پرۆژە، خزمەتگوزاری یەکان، کەوا لە خەڵك دەکا بە دوای ئیش و کار بگەرێت، بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانی، هۆماری خراپ بوونی ئابووری وولات ئەبێتە هۆیەکی گرنگ کە پاڵ بە ئەندامانی خەڵك بنێ بۆ ئەنجام دانی کاری (دزی) چونکە ئەبێتە هۆی بلاوبوونەوەی هەژاری‌و سەرهەڵدانی بێ کاری‌و وەستانی پرۆژەو دامو دەزگا پیشە سازییە سەرەتاییەکان.
بەلاّم ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێ ئەوەیە مەرج نیە هەموو کاتێ هەژارو کەم دەرامەتەکان پەنابەبەنە بەر کاری دزی، بەڵکو زۆرجار خاوەن سەرمایەدارە گەورکان ودەسەلاّت دارەکانی نێو دەزگا حکومیەکان جۆرێك لەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە یاسای سزادان بە تاوانێکی گەورە لە قەلەمی دەدا بۆ نموونە جێبەجێ کردنی کارو باری هاوولاتیان بەرامبەر بە وەرگرتنی پارەوپوڵ، تەگەرە خستنە سەر ئیش و کاری هاوڵاتیان بە مەبەستی دەت کەتنی مادی (بەرتیل)یان کاتێ کە دەکرێتە سەرۆك لێژنەیەك بۆ کرینی کەل و پەل بۆ دام و دەزگاکانی دەوڵەت، پارەو پولی زیاتر لە نرخی کەل و پەلەکە دەهاوێنە سەر بۆ ئەوەی گیرفانیان پڕبێت، یان کاتێك هاوولاتیەك تووشی کێشەیەك دەبێ کار بەدەستێك هەڵدەستێ لە گەڵی دا رێکدەکەوێ بۆ ئەوەی بەرامبەرپارەو پولێکی دیاری کراو کارەکەی بۆ جێبەجێ دەکا. یاخود ئەو بەڵێندەرەی کە پرۆژەیەك لە حکومەت وەردەگرێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکا جۆرەها فروفێڵ و تەلەکە بازی بەکاردەهێنێ بە مەبەستی گیرفان پڕکردن و هەڵدەستێت کەرەستەی خراپ بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی زۆرترین پارەی دەست بکەوێ ئایا ئەو بەڵێندەرە(دز)نی یە؟ چونکە خیانەت لەگەڵ گەل و نیشتمانەکەی خۆی دەکا وەکو پێویست ئەو پرۆژەیە بەجوانی تەواو ناکا.
ئەی ئەو کرێکارەی کە کەمتەرخەمی دەکا لە ئیشەکەی خۆی دەدزێتەوە لەکاتی ئیش کردنەکە خۆی دەشارێتەوە بە مەبەستی کات بە فیرۆدان ئایا ئەم کرێکارە (دز)نی یە!؟ بەڵێ (دزی) تاوانێکی گەورەیە، لەم رۆژگارە زۆر تەشەنەی کردووە لەناو زۆر لە چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەتایبەتی ناو دام و دەزگا حکومیەکان، سەرف کردنی پارەو پولی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بێ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان لە گولێك کالّتریان پێ بگوترێ، کۆکردنەوەی ئەو هەموو پارەو پول و سامانە گەورەیە لە لایەن هەندێ لە کار بەدەست و بەرپرسان وا دەکا کە لەوانیش نزم تر بیر بۆ هەمان مەبەست بکەنەوە، چونکە لەبەر چاوی هاوولاّتیانەوە تا ئێستاش لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە.
لێرەدا لە کۆتاییدا پێویستە هەموو هاوولاتیەك هەست بە لێ پرسینەوە بکا یارمەتی دەزگا پەیوەندی دارو پۆلیس و ئاسایش بکا لە ئاشکرا کردنی هەر جۆرە کارێك کە زیان بە دام و دەزگای حکومی و هاوڵاتیان بدا بۆ ئەوەی خەڵك بە ئاسوودەیی و کامەرانی بژیت.

**جگە لە سەروتارو مانشێتی رۆژنامەکەمان گشت بابەتەکانی بڵاوبۆوە دەربڕین لە بۆچوونی نوسەرە بەرێزەکانیان دەکەن.**